# ★ درێژترین شێعرم بۆ قووڵترین عەشق کە پڕە لە هیوا ★

ناسر ئەحمەدی

Rochyar_1@yahoo.com



بۆ داگیرکەرێک لە نژادي وەنەوشە
و
کورێک لە تەباري گریان

وتم :
لە وەرزي پرتەقاڵ
بێزوو بە پرتەقاڵ ئەکەم ،
وتت :
بێزار ئەبي لەپرتەقاڵ.

(وام ئەزاني لە خوێندنەوەي پەنجەکانت هەموویانم لەبەر کردوون)

کە بەنەوشت لە بەر کردوو
بە دەم گۆراني شارام وتنەوە هاتي بۆلام،
ئیتر بێزارم لە ( مەمک ) ە .

کە لێومت مژي
لە سەر لێوم
گمەي کۆتر و
چلێک نێرگز رواوە.

( تۆ هیوامي بە سەد مانا).

هەر وەها بەم ژیانە زهرەمارە
داهاتووم
بڵێي بە دووریت دابێم ؟

نازانم دەرگا بکەمەوە یان پەنجەرە
بۆ بینینت ؟

بە کام تلیاک پەژموردەیي
ئەم باخچەیەم سارێژ بکەم.
لە کوێي رۆحي ئارەق کردووم بتشارمەوە.
///
لە بانیژەي خەیاڵەوە
بۆ درێژایي عەشق ئەروانم
چەندە بێچارەیە عەشق

لە پلووسکي شێعرستانەوە
گوێ بۆ هەناسەکاني شاعیرێک هەڵدەخەم
چەندە گوناحە شاعیر.

( دڵەي دێوانەم هەر تۆش پەسينە )[1]

چاوم
شەقامێكي پێ خاوسە و
لە دووت هەر دێ.
جيايي
بێ رەحمانەترين ماچە.
باوەشت بێ رەحمانە ئاوەڵايە
بێ رەحمانەش تامەزرۆم ئەكەن بە
بۆني باران
پاركيش لە خۆرايي پارک نييە
پاركيش ( شاهيدە )
بۆچي ؟!

پرسيارێک :
لە دوو كۆتري زەخمي
فرين دەست پێ ئەكا.
ئاها
ئيستە زانيم
رێگا
لە تۆوە دەست پێ ئەكا.
*
ئەز
بۆ پەيژەيەک شەكەتم
تا سەربەرزي ،
بۆ پشووەانێک درێژ
يان ( ئەبەدي ).

قژت
بكە بە ئاڵا
بۆ سەرەوەريم،
قژت
چادرێكە لە نيشتمان.

كە هاتيەوە
كاليسكە يەكت بۆ ئەكەمە نيشتمان،
شەرابێكت بۆ هەڵدەخەم
دوايي پێكەوە بينۆشين ،
شەرابێک لە شەرەفي شەوبۆكان

هيوام !
عەشقەكەي تۆ كريستاڵە
ئەسپێكي

1- لە فلكلۆري هەوراميەوە

له ته‌باري
غار.
★
غه‌ريبي

غه‌ريبي بێوه‌ژنێکي ماندووه
کچێکه بي تاقه‌ت و ياخي

که‌س وه‌ک ئێواران له غه‌ريبي ناگات
که‌س وه‌کوو « با » به فيکه گۆراني بۆ غه‌ريبان نالێ،
غه‌ريبي نازناوي فه‌رامۆشييه
تۆ هه‌موو شتێکت به‌زاند
غه‌ريبيش بکوژه
ئه‌ي گول .

(هيوا)
تاريکي ئاوه‌دان ئه‌کاته‌وه
باران له گه‌ڵ شقره‌ي مێخه‌ک
ته‌فسيره‌کات
هيوا هه‌ر خۆي نييه
کچێکه له فه‌لسه‌فه‌ي مێخه‌ک
له وڵاتي خۆشه‌ويستي

گوڵان 2007

[2] ـ فه‌رامۆشي نازناوي مه‌رگه ( به ڕۆژ ئاکره‌يي )